

# دەمامک -٢

بەکرە: "خۆزگەم بەخۆت ژنی هەرزانت گیرکەوتووە" ..
سوارە: "کورە کاکە ئەوە دەڵێی چی؟ بەرێزەوە قسە بکە! ئەتۆ نەبووی تا دوێنێ نە ژنێک چەند ژنت لەبەر دەستدا بوون، ئێستاش کە ناردووتە لە دێهاتی کوردستانەوە کچێکی دەم و چاو بەستراوت بۆ بەرێ بکەن، شەرم ناکەی نرخ لەسەر ژن دادەنێی؟"

بەکرە: "کورە بەشەرەف هەروایە، هەرزان و گرانی هەیە."
سوارە: "هەر ئەتۆ نەبووی شانازیت بە ژنە گرانبایەکەتەوە دەکرد، ئێستاش ئاوا هەرزانفرۆشت کرد؟ تێناگەم بۆ دەبێ کەسێکی وەک جەنابت بەم بیروبۆچوون و ڕوانگەوە بەرپرسی ڕۆژنامەیەکی کوردی بێت؟ بۆ دەبێ ڕێگەپێدراو بێت جەنابت لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگا بنووسی؟"

بەکرە: "کاکە بە ویژدان مەبەستم بێرێزی نەبوو."
سوارە: "دەڵێن سندووقێک تا داخراو بێ نرخی دیار نییە، نرخی تۆش وەدیار کەوت". سوارە ئەوەی گوت و دوور کەوتەوە. دووراودوور زۆری باسی بەکرە بیستبوو، بەڵام ئەوە یەکەم جاری بوو تووشی دەبوو و بەمجۆرە بارستایی مێشکی وەدیار دەخست.
بەرەو زانکۆ وەرێ کەوت، هاوژینی چاوەرێی دەکرد. تازە چەند مانگە ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوە. هەر دووکیان خوێندکاری زانکۆن و بڕیاریان دابوو دابونەریتی چەوتی مارەیی بڕینەوە و جیازی کڕین ژێرپێ بخەن و بنە ڕچەشکێنی ئەم ڕێبازە. بەپەلە بەرەو زانکۆ دەچوو، تووشی وەتمانی هاوڕێی هات لەبەر دەرکی قاوەخانەیەک خەریکی جگەرە خواردن بوو. لەگەڵ کۆمەڵێ پیاوی تر لە قاوەخانەی گەڕەک کۆببوونەوە. وەتمان بەزۆر بردییە ژوورێ تا چایەکیان لەگەڵ بخواتەوە. لەوە دەچوو سەرقاڵی قسەکردن لەسەر بابەتێکی زۆر گرینگ بوون.
شێخە: "کاکە، هەزار جارم گوتووە، هەزار جاری دیشی دەڵێمەوە، ژن ئەگەر ئەقڵی بوایە، ژن نەدەبوو. ئیدی خوێندنی چی و شتی چی. هەرێمی دەسەڵاتی ژن چێشتخانەیە و بەس".
وەتمان: "کاکە لە هەر کوێیەکی تر ئەم قسەیە بکەی، باوەڕت پێناکەن. تۆیەک بە بەڵگەنامەی دوکتوراوە و ئەندامەتیت لە ڕێکخراوەیەکی ئەدەبی و شاعیرێکی هەست ناسک؟ کاکە ئەم ئیشانە لەگەڵ ئەم ڕوانگەیە یەکناگرنەوە، پیاوی چا بە لە هیچ کوێ ئەوە نەڵێیەوە".

سوارە بەئەسپایی بە وەتمانی گوت کێشە چییە؟ بەڵام وەتمان بەچاو تێیگەیاند خۆی لەم باسە وەرنەدا. شێخە لێی نەدەبڕییەوە و لەسەر گوتنی خۆی بەردەوام بوو: "کاکە هەر ئەوەندەی گۆڕەپانت بۆ چۆڵ کردن، کۆتایی پیاوەتی و ئاغایەتی و کوێخایەتیتە. هەتا چاو و گوێیان بکرێتەوە، مەراقیان بۆ زۆرتر دیتن و زۆرتر زانین زیاتر دەبێ و ئەوەدەمیش ماڵ و حاڵت لێ وێران دەبێ. نە چێشتێکی گەرمت دەدرێتێ و نە جل و بەرگی پاک و خاوێن و نە میوانت بۆ ڕادەگرن. کاکە هەر پەرداخێ ئاوت نادەنە دەست. ئیدی هەر لە پیاوەتی دەکەوی ماڵوێران. بۆیە پێتان دەڵێم من جارێک ئەم جلەم دڕیوە، با ئێوەش تووشی نەبن. تا دەتوانن زێڕ و خشڵ و جلوبەرگیان بۆ بکڕن و کتێب و کۆمپیوتێریان لێدوورکەنەوە."

سوارە کە تا ئێستاش بەزەبری زۆر خۆی ڕاگرتبوو، ئیدی خۆی پێڕانەگیراو و دەستی پێکرد: "کاکە شێخە، ئەم ئایەتە پیرۆزانە دژی ئەوانەن جەنابت لە گوتارەکان و وتارەکانت باسی دەکەی. ژن و کچی خەڵک هاندەدەی چالاکی وێژەیی و ڕێکخراوەیی بکەن و باس لە یەکسانی مافی ژن و پیاو دەکەی؟"

شێخە هەر بە گاڵتەوە قسەکەی بە وەتمان بڕی و بە جەفەنگەوە گوتی: "ئا ئا کاکە، ئێمە کاری فەرهەنگی دەکەین، خۆ نەمانگوتووە ماڵی خۆمان بەقوڕ دەگرین. لە چالاکی ڕێکخراوەیی جاروبار پێویستمان بە هاوکاری ژن و کچی خەڵک هەیە، دەنا قسەمان بڕ ناکا کاکە."
سوارە هەستایە سەر پێ و زۆر بە لەسەرەخۆیی گوتی: "سوێند بەو کوردستانە، ئەو ڕێکخراوەیەی بەدەستی ئێوەمانان هەڵسووڕێ بە پووشێکم ناوێ. هەتا ئێوەش هەبن، هیچ ڕۆشنبیرییەک مسۆگەر نابێ." ئەوەی گوت و دەرکەوتە دەر بەرەو زانکۆ.

- بەیان فەڕشی
-

تێبینی: هەموو ئەو دەستەواژە دەگمەن و ڕووشێنەرانەی لێرە دەیخوێنیەوە، ڕاستییە و لە دنیای ڕاستی قەوماوە و هەڵقوڵاوی بیری من نین. هەوڵم داوە خاڵە زەقەکان زەقتر بکەمەوە و لە قاویان بدەم

سەرچاوەی وێنە: Richard Hurtzer